**لیژنەی تێهەڵچوونەوەی دامودەزگای خوێندنگا**

لیژنەی تێهەڵچوونەوەی دامودەزگای خوێندنگا سەربەخۆیە، فەرمانگەیەکە لەبابەتی  دادگایە، کە تۆ وەک خوێندکار یان پەروەردەکار ئەتوانیت تێهەڵچوونەوە لە هەندێکی بڕیاری دیاریکراو بکەیت، کە لە بواری پۆلەکانی پێشخوێندنگا، خوێندنگای بنەڕەتی، خوێندنگای ئامادەیی و خوێندنی گەورەساڵان دایە.

**ئایا مرۆڤ ئەتوانێت داوای تێهەڵچوونەوە لەچیدا بکات؟**

تۆ ئەتوانیت داوای تێهەڵچوونەوە لە هەندێک جۆر لە بڕیاردا بکەیت، بۆنموونە بڕیاری بەرنامەی هەنگاوەچارە، بڕیاری دانان لە ناو گرووپێکی فێرکردنی تایبەت و بڕیاری وەرگرتن لە خوێندنگای تایبەت، خوێندنگای ئامادەیی یان بۆ خوێندنی سویدی بۆ کۆچهێنەران sfi.

**ئایا داوایەکی تێهەڵچوونەوە ئەکرێت بە چیمان بگەیەنێت؟**

ئەگەر  گەیشتە ئەوەی کە بڕیارەکەی کە داوای تێهەڵچوونەوەی لەسەرکراوە هەڵەیە، ئەوا لیژنەکە ئەتوانێت بڕیارەکە لاببات.

**ئایا مرۆڤ بۆ داوای تێهەڵچوونەوە چی بکات؟**

- کۆنترۆڵی ئەوە بکە کە ئایا ئەکرێت داوای تێهەڵچوونەوە لەسەر بڕیارەکە بکرێت.
- داوای تێهەڵچوونەوەکە بۆ ئەوە بنێرە کە بڕیارەکەی گرتووە، نەک ڕاستەوخۆ بۆ لیژنەی تێهەڵچوونەوەی دامودەزگای خوێندنگا.
- داوای تێهەڵچوونەوەکە ئەبێت لە ماوەی سێ هەفتە لە ڕۆژی وەرگرتنی بڕیارەکەوە بگاتە دەست.
- بنووسە کە داوای تێهەڵچوونەوە لەکام بڕیارە ئەکەیت، کام گۆڕانکارییەک ئەوێت و بۆچی.
- ناو، ژمارەی کەسی و زانیاریی پەیوەندیکار بنووسە.
- داوای تێهەڵچوونەوەکە واژوو(ئیمزا)بکە.
- داوای تێهەڵچوونەوەکە و بەڵگەنامەکانی تر کە دەیان نێریت، ئەبنە مامەڵەیەکی گشتی کە هەرکەسێ بۆی هەیە بیخوێنێتەوە. بڕیارەکانی لیژنەکە گشتیین.

**پەیوەندیمان پێوە بکە**

**ئەدرەسی پۆست**

Skolväsendets överklagandenämnd
Box 23069
104 35 Stockholm.

**ئەدرەسی سەردان**
Sveavägen 159, Stockholm

**تەلەفۆن**
08-58 60 80 00

**فاکس**
08-58 60 80 09

**پۆستی- ئەلەکترۆنیکی**
overklagandenamnden@overklagandenamnden.se